# مەوقیف

سمكۆ عەبدولكەریم



ئەوەش راستییەكی دیكەیە كە هەموو ئەوانەی زۆر موكڕن لەسەر هەڵوێستی خۆیان و زیاد لە پێویست توندن و بەردەوام لە پێناو پیشاندانی مەوقیفیان ئامادەن سوێند بەشەڕەف و ناموس بخۆن ، ئەوانە زیاتر لە هەركەسێكی دیكە قابیلی هەڵگەڕانەوەن ، ئەگەر ئاورێكی لەسەرەخۆ بۆ دواوە بدەینەوە بەدەیان نمونەی لەو چەشنەمان هەن ، كە بە فیكەیەك چوونە ئەو سەری دونیا و ئامادەشن بە نیو فیكە بگەڕێنەوە ، بەڵام بۆ ئەوەی نەبینە هۆی دڵڕەنجانی برادەران واباشە لە كەلی شەیتان بێمە خواری و منیش نەكەومە مەوقیف فرۆشتن .

نەبادە وەك ئەو برادەرەم لێبێ كە لەگەڵ كۆمەڵێك رۆشنبیر بڕیاریان دابو لە پێناو پێڕاگرتنی شەڕی ناوخۆ لە نێوان یەكێتی و پارتیدا خۆیان بسووتێنن ، بەڵام نەك هەر هیچیان خۆیان نەسووتاند ، كەچی یەكێكیان كە هەندێ پێویستی بۆ ماڵەوە كڕیبوو عەلاگەكەی لای دوكاندارێك داناو گووتی: ئەو عەلاگەیەت لابێ تا دەچم خۆم دەسووتێنم و ئێستا دێمەوە .

یان وەك ئەوانەی ئەو كاتەی توركیا هاشو هووشی ئەوەی بوو سنووری هەرێمی كوردستان دەبەزێنێ بۆ لە نێوبردنی pkk كەوتنە كڕین و فرۆشتنی مەوقف پێمان ، برادەرێك نازانم بە راستی بوو یان بە قەستی دەیگوت ئەگەر توركیا ناماقوڵی وابكات پەلاماری كوردستان بدات یەكەم كەس دەبم چایخانەی مەچكۆی بە جێدێڵم و دەچمە شاخی تۆپی پێوە دەنێم ، بەڵام دواتر كە توركیا كردیە راستی و هات ، ئەو برادەرەم دیتمەوە ، دیسان نازانم نە بەراستی بوو نە سوعبەتی دەكرد دەیگوت ئەمن تەنیا ئامادەم بەرگری لە حەوشەكەی خۆم بكەم ، باش بوو ئەو برادەرە هەر لە سەرەتاوە بە سەری زمانی ئەو مەوقفەی پیشاندا ، وەك هەندێ كەسی دیكە نەهات بە نووسینی وتار لە رۆژنامەكان وێڕای وەرگرتنی موكافەئە لە بڕی نووسینەكەیدا ئەو جۆرە مەوقیفانەشمان پێبفرۆشێ .

هەموو جارێكیش كە توركیا خۆی فش دەكردەوە و دەیگوت دێم پەلاماری كوردستان دەدەم كۆمەڵێك كەس كۆدەبوونەوە و بە چەند جۆرە نمایشێكی هونەری و رۆشنبیری سوریالی دەچوونە زاخۆی سەر سنووری توركیا و هەرێمی كوردستان دەیانگوت دەبێ دەبابەی توركیا بەسەر لاشەی رووتی ئێمەدا تێپەڕێ ، تومەز دەیانزانی توركیا بەراستی نییەو جورئەت ناكات قەندی وا بشكێنێ ، ئەو برادەرانە ئەو بەزمەیان رێكدەخست .

دواین جار تومەز زانیان ئەوجارە توركیا بەراستیتی دەیەوێ پەلاماری سنووری هەرێمی كوردستان بدات ، كەچی جگە لە چەند نووسینێك و دەربڕینی چەند وردە مەوقفێكی سەر مێزی شەوانی نادی كەس نووقەی لێوە نەهات .

هەموو ئەوانەش كە زیاتر لە مانگێك دەبوو بە قەولی خۆیان خەریكی شكاندنی ئابلۆقەی راگەیاندنی سەر قەندیلن ، جگە لەخۆ عەرزكردن و پیشاندانی وێنە درۆینیەكانی خۆیان گوایە لەو پێناوەدا تێیان هەڵداون نەیانتوانی بەقەد داوە موویەكی ئەو وێنەیەی كە لە رۆژنامەی واشنتۆن پۆست بڵاو كرایەوە و توركیای هەژاند ، كاریگەریان هەبێ .